National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

## یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێك لەبارەی:

# گرفتەکانی یەکەکانی نیشتەجێبون لە گەرمیان و رۆڵی حکومەت لە بەدواداچونی دا

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

٢٠٢٠/٩/١

## ناوەڕۆک


| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٢ |
| بەشی یەکەم: ڕاپۆرت | |
| یەکەم: کێشەی هاوڵاتیان لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون دا | ٢ |
| دووەم: کێشەکانی حکومەت و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون دا | ٩ |
| بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان | |
| دەرەنجام | ١٥ |
| ڕاسپاردەکان | ١٦ |
| بەشی سێیەم | |
| ناساندن | ١٨ |

## پێشەکی:

یەکەکانی نیشتەجێبون، لەو پرۆژانەن کە لە هەمو هەرێمی کوردستاندا و لە پاش دەرچونی یاسای وەبەرهێنانی هەرێم، برەویان پەیدا کردوە و دروستکراون.

ئەم پرۆژانە لەگەرمیاندا ژمارەیان زۆر نیە، بەتایبەت ئەوانەی کە تەواو کراون، بەڵام لەبەرامبەردا کێشە و گرفتی زۆریان هەیە، ئەمەش وایکردوە زۆرینەی ئەو پرۆژانە وەرنەگیرێنەوە یان رابگیرێن.

لەم راپۆرتەدا بەوردی لەبارەی ئەو کێشانەوە قسە دەکەین، لەزاری هاوڵاتیانی بەشدار لەو پرۆژانە و هەروەها کۆمپانیا جێبەجێکارەکانی پرۆژەکە و دواجاریش حکومەتەوە، کێشەکانی ئەم بوارە دەخەینەڕو.

لە خستنەڕوی کێشەکانیشدا، بە دو ئاست لەسەر ئەم بابەتە دەوەستین، ئاستێک پەیوەندی بە هاوڵاتیانی بەشداری پرۆژەکان و کۆمپانیاکانەوە هەیە، ئاستێکی تریش بە پەیوەندی کۆمپانیاکانی جێبەجێکاری پرۆژەکان بە حکومەتەوە.

### بەشی یەکەم: راپۆرت

### یەکەم: کێشەی هاوڵاتیان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون دا

#### ١. ژمارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە گەرمیان

بە پێی ئەو داتایانەی لە وەبەرهێنانی گەرمیان وەرمانگرتوە، (١١) پرۆژەی نیشتەجێبون لە گەرمیاندا هەیە، (٢) پرۆژەیان تەواو کراوە و (٨) پرۆژەیان ئێستا لە کارکردن دان، هاوکات (١) پرۆژەش فەرمانی دەستبەکاربونیان دراوە و هێشتا دەستیان پێنەکراوە.

ئەکرەم سالّح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، وتی: "ئێمە لە شاری کەلار هیچ زەوییەکمان نیە بۆ یەکەی نیشتەجێبون، ئەوەی هەیە زەوی وەزارەتی داراییە، ئەو پرۆژانەشی کە هەن: (بەهەشتی کەلار، بان ستی و لانە ستی) لە قۆناغی کارکردنن، پرۆژەکانی (هێلان ستی و کەلاری نوێ) تەواو کراون و تاوەکو ئێستا وەرنەگیراوەتەوە لەلایەن شارەوانیەوە، چونکە ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە پێویستە بیکەن، نەکراوە و بە نوسراویش ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردون.

| ناوی پرۆژە | ژمارەی یەکە | قۆناغی کارکردن |
|---|---|---|
| **هێلان ستی** | ٩٢٧ | تەواوکراوە |
| **کەلاری نوێ (تابلۆ ستی)** | ٩٠١ | تەواوکراوە |
| **بان ستی (کرێکاران)** | ٨١٠ | لەکاردایە |
| **لانە ستی** | ٣٣٠ | لەکاردایە |
| **بەهەشتی کەلار (مامۆستایان)** | ١٥٩٦ | لەکاردایە |
| **نۆژەن ستی ٣** | ١٦٠ ڤێلا | لەکاردایە |

لە قەزای کفریش، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری باس لەوەدەکات هەر لە قەزاکە ٢ پرۆژەی نیشتەجێبون هەیە.
قادر فاتیح وەیس، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری وتی: یەکێکیان (١٠٠٠) خانوە بۆ مامۆستایان و بەشێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیە حکومیەکان کە جارێک دەست نەکراوە بە دروستکردنی، پرۆژەیەکی دیکەمان هەیە سەروی (١٠٠) خانوە کە تەنها (٣٣)یان ماوە کۆمپانیا دروستی بکات و جارێک رادەست نەکراوەتەوە.

| ناوی پرۆژە | ژمارەی یەکە | قۆناغی کارکردن |
|---|---|---|
| **خاکی عەفرین** | ١٠٠٠ | لەکاردایە |
| **روناکی شار** | ١٣٣ | لەکاردایە |

لە هەمان کاتدا، ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی رزگاری باس لەوە دەکات: "لە ناحیەکە ٢ پرۆژەمان هەیە ئەوانیش (نۆژەن ستی ١ و ٢ و پرۆژەی قەڵای شیروانە) کە لە ئێستادا تەنها کار لە نۆژەن سیتی ١ و ٢ دەکرێت، کە ئەویش لە قۆناغی دروستکردنی یەکەکاندایە و نەگەشتوەتە قۆناغی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها پرۆژەی قەڵای شێروانە کە کۆمپانیای گاردینا جێبەجێی دەکات جارێک دەست بەکارنەبون".

| ناوی پرۆژە | ژمارەی یەکە | قۆناغی کارکردن |
|---|---|---|
| **نۆژین ستی ١** | ٤٠٨ | لەکاردایە |
| **نۆژین ستی ٢** | ٨٨ ڤێلا | لەکاردایە |
| **قەڵای شێروانە** | ١١٢٢ | لەکاردایە |

## ٢. "پرۆژەکان بۆ خەڵکی هەژار نین"

بەشێک لە هاوڵاتیان باس لەوەدەکەن نرخی پرۆژەکان گرانن و بۆ خەڵکانێک نین کە درامەتیان سنوردارە.
بەرزان ئیبراهیم، هاوڵاتیەکە کە یەکەیەکی پرۆژەی بان سیتی بۆ دەرچوە، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی نرخەکەی گران بو و قیستەکانم بۆ نەدرا، هەربۆیە فرۆشتم.
بەشێک لەو پرۆژانە بەناوی چین و توێژەکانەوە نراوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو چین و توێژانە توانای کرینیان نیە.
بەرزان ئیبراهیم، لەوبارەوە وتی: "ئەو یەکەی کە بۆم دەرچو لە پرۆژەی بان ستی تەنها بەناو هی کرێکارانە، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە بو، هیچ خاڵێکی کە لە گرێبەستەکەدا هاتبو لەگەڵ کرێکاری ئاسایی نەدەگونجا".
دەشڵێت: "بە زۆر دەتوانم بژێوی ژیانم و کرێ خانو دابین بکەم، چ جا بگات بەوەی ٢ مانگ جارێک ٣ بۆ ٥ هەزار دۆلار بدەم بە قیست".
بەڕێوبەری سەندیکای کرێکاران، جەخت لە قسەی ئەم هاوڵاتیە دەکاتەوە.
عومەر محەمەد، وتی: "نرخی یەکەکان زۆرە، کاتی خۆیشی بە لایەنە پەیوەندیارەکانمان وت کە ئەو نرخە زۆرە بۆ کرێکاران، هەربۆیە زۆربەیان یەکەکان دەفرۆشنەوە".
لەبەرامبەریشدا بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: ئەو نرخانەی کە دیاری دەکرێت لە نێوان کۆمپانیا و بەشداربواندایە و لای ئەوان نیە.

مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان بە وەکالەت، دەڵێت: "بەپێی یاسای وەبەرهێنان گرێبەستێک هەیە لە نێوان کۆمپانیا و بەشداربوان و جۆری یەکەکانیش جیاوازی هەیە و هەر پڕۆژەیەکیش لە روی نرخەوە لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازی هەیە، بۆ نمونە پرۆژەی بەهەشتی کەلار کە هی مامۆستایانە بە ٨ ساڵ قیستەکەی دەدرێتەوە و بەپێی گرێبەستەکەش ئەو ٦٠%ـە دیاری کراوە".

هێمای بۆ ئەوەشکرد: نرخی پڕۆژەکان و دانانی لە دەسەڵاتی ئێمە نیە، ئەوەی ئەرکی ئێمەیە چاودێری پڕۆژەکان دەکەین لە روی کوالێتی و بەڕێوەچونی پڕۆژەکە، بۆنمونە سەندیکای کرێکارن خۆیان واژۆی گرێبەستەکەیان کردوە کە بەو نرخە بێت و بە لیژنە کراوە.

## ٣. گونجاویی کوالێتی یەکەکان

"ئاگاداری کوالێتی پرۆژەکەم، لەسەرەتاوە کوالێتی بەگشتی باشە، هەرچەندە لە هەندێک بابەتی وردەکار فێڵی لە بەشداربوان کردوە، وەک: لە هەندێک لە یەکەکان دیواری حەوشەی ماڵەکان یەک دیوارە لە هەندێکیشان دو دیوارە".

عەباس فەیسەڵ، هاوڵاتی لە شاری کەلار و بەشداربوی پڕۆژەی نیشتەجێبونی لانە ستی وا دەڵێت.

بەگشتی بەشداران تێبینیان لە کوالێتی پڕۆژەکان هەیە، پێیانوایە بە کەمتر لەوەی دیارییکراوە ئەنجام دەدرێت.

سیروان حەسەن، مامۆستا و بەشداربو لە پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبونی بەهەشتی کەلار، وتی: تائێستا هیچ بەشداربویەک بە ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانیشەوە کە بەرپرسن و گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای (خەیمە سلام) ئەنجامداوە، دەرخستەی پرۆژەکەیان نەبینیوە و نازانن چۆنە، نازانرێت چ جۆرە مادە و کەرەستەیەک بەکاردەهێنرێت لەپرۆژەکەدا و کوالێتی دیاری نەکراوە.

دەشڵێت: نەخشەی خانوەکان کەموکورتی زەقی تێدایە، وەک نزمی سەقفی خانوەکان کە ١٤ بلۆک دیاریکرابو دیسان نەگونجاوە لەگەڵ سەردەم و پرۆژەکانی هاوشێوەی لە کەلار، هەرچەندە بەفشار چەند سانتیمەترێکی بۆ زیادکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی سێت و دیزانی کارەبا لەپرۆژەکەدا چارەسەر نەکراوە.

لە بەرامبەردا، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایان، دڵنیایی ئەوەی دا کە لیژنەی تایبەتیان هەیە و سەردانی پرۆژەکە دەکەن.

ئازاد حەسەن، وتی: لیژنەکەمان راپۆرتیان لەبارەی کەموکورتیەکانەوە نوسیوە، کوالێتی پرۆژەکەش لەگەڵ نرخەکەی گونجێندراوە، کە لەسەر داوای مامۆستایان کۆمەڵێک دەستکاری نەخشەکەش کرا بۆ کەمکردنەوەی نرخ.

بەشێک لە هاوڵاتیان نیگەرانی ئەوەن کە وەکپێویست ئاگادارنین لەوەی کارکردن لە پڕۆژەکان چۆنە، وەکخۆیان دەڵێن پەرتەوازەیی لە کارەکان بەدی دەکرا.

بەرهەم بورهان، هاوڵاتی لە شاری کەلار و بەشداربو لە پرۆژەی بان ستی، وتی: "پڕۆژەکە کە لەسەرەتادایە وەک کوالێتی ئاگادارنیم، ئەوەی هەبو پەرتەوازەیی زۆر هەبو لە کارەکان، رون نەبو کە چی دەکرا".

## ٤. خزمەتگوزاری پڕۆژەکان وەکخۆیان جێبەجێناکرێن

خزمەتگوزاری پڕۆژەکان بە پێی گرێبەستەکان لە ئەستۆی لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژەکەیە، بەڵام بەشێکی ئەو پرۆژانەی کە تەواو کراون خزمەتگوزارییەکانیان بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە.

سەردار ئەحمەد، بەڕێوبەری کارگێری کۆمپانیای (خەیمە سلام) لقی کەلار، جەختی کردەوە بە گرنگی تایبەتەوە کار لە خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەکە دەکەن و هەر لەگەڵ یەکەکان دەستیان بە کارکردن لەوانیش کردوە.

ئەو پڕۆژەیەی کە کۆمپانیای (خیمە سلام) جێبەجێی دەکات و ناوی بەهەشتی کەلارە و تایبەتە بە توێژی مامۆستایان، باس لەوەدەکرێت ژمارەی خوێندنگەکانی ناوی بە نیوە کەم کراوەتەوە و کارەباکەیشی لە بری ئەوەی لە ژێر زەوی بێت، کراوە بە ستون.

سەردار ئەحمەد، لەمبارەیەوە وتی: بەهۆی بەرزی نرخەکانەوە لەسەر داواکاری مامۆستایان و وەبەرهێنانی گەرمیان لە ٤ خوێندنگاوە کردمانە بە ٢ خوێندنگە، گۆڕینی کارەباش هەر بە هەمان هۆکار بوە.

ڕێژەی سەوزایی یەکێکی دیکەیە لەو خزمەتگوزاریانەی کە لە نەخشەی پلانی پڕۆژەکان شوێنی تایبەتی بۆدیاری دەکرێت. بەڕێوبەری کارەکانی پڕۆژەی بەهەشتی کەلار دڵنیایی دەدات دوای تەواوبونی ڕێژەیەکی دیاریکراوی پڕۆژەکە، دەست بە سەوزکردنی باخچەکان دەکەن.

تاوەکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، لە پڕۆژەکەدا دەست نەکراوە بە دروستکردنی قۆتابخانە و دایەنگە و خزمەتگوزاریەکانی تر.

ئازاد حەسەن، لەمبارەیەوە دەڵێت: لەکاتی تەواوبونی دەبێت ئەم خزمەتگوزاریانە تەواو کرابن، ئەگەر نا ئەوکات لە روی یاساییەوە هەڵوێستمان دەبێت.

سەندیکای کرێکارانیش دڵنیایە لەوەی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ یەکەکان تەواو دەبێت لەکاتی یاسایی خۆی دا.

عومەر محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، دەڵێت: "پڕۆژەی بان ستی تەنها یەکە نیە، بەڵکو شارێکە و %٢٠ی کارەکانی تەواو بوە، لە هیچ کەسێکی قبوڵ ناکەین هیچ مەوادێکی خراپ بەکاربهێنرێت لە یەکەکان و بە بەردەوامی بە لیژنە چاودێری دەکەین، لەگەڵ ئەوەش سەرجەم پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیشی تێدا دروست دەکرێت بەپێی ئەو گرێبەستەی کە هەیە، لە ئێستاشدا دەستکراوە بە دروستکردنی قوتابخانەیەک".

هەندێک لە پڕۆژەکان بەشێک لە خزمەتگوزارییەکانیان تێدا نیە لە بنەڕەتەوە.

ئەحمەد حەسەن، بەڕێوبەری کۆمپانیای روناکی شار کە جێبەجێکاری پڕۆژەی لانە سیتیە، وتی: لە پڕۆژەکەی ئێمەدا بنکەی تەندروستی تێدا نیە، بۆ قوتابخانە و دایەنگەش لەگەڵ حکومەت لەسەر هێڵین بۆ ئەوەی بزانین ئێمە دروستی بکەین یان خۆیان، لەبەر ئەوەی ئێمە لەکاتی نرخاندنی یەکەکان غەدرمان لێکراوە دەبێت لەو ڕێگەوە قەرەبو بکرێینەوە.

**٥. تەواونەبونی پڕۆژەکان لە وادەی خۆیان**

یەکێک لە کێشە هەرە زەقەکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لەگەرمیان، تەواونەبونێتی لەوادەی دیاریکراوی خۆی دا.

عەباس فەیسەڵ، لەمبارەیەوە هێمای بۆ ئەوە کردە: "پڕۆژەی لانە ستی کە کۆمپانیای روناکی سەرپەرشتی دەکات وا زیاتر لە ساڵێکە بەسەر وادەی تەواوبونی پڕۆژەکە تێپەڕیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆمپانیا ئامادە نیە وادەی تەوابونی پڕۆژەکە بە بەشداربوان ڕابگەیەنێت".

ئەمە جگە لەوەی پڕۆژەی کەلاری نوێ و هێلان سیتی کە دو پڕۆژەی نیشتەجێبونن، هەردوکیان لە کاتی دیاریکراودا تەواو نەبون و تەنانەت تائێستاش حکومەت بە تەواوی وەری نەگرتوەتەوە لە کۆمپانیای جێبەجێکار.

ئازاد حەسەن، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، هێمای بەماوەی تەواوبونی پڕۆژەکە کرد کە چوار ساڵ و نۆمانگە، بەڵام نەشیشاردەوە کە بەهۆی ئەم باردۆخەوە گومانیان هەیە لەکاتی خۆیدا پڕۆژەکە تەواوبێت.

له بەرامبەردا، مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنای گەرمیان دەڵێت: "هەر پرۆژەیەک لە وادەی خۆی تەواو نەبێت ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنانی دەکەین بە نوسراو، بۆنمونە لانە ستی کە ساڵێک بەسەر وادەکەی تێپەڕیوە و ٢ جار مۆڵەتی پێدراوە، تاوەکو ئێستاش وەڵاممان نەدراوەتەوە کە چ ئیجرائاتێک بکەین".

### ٦. کەموکورتیی لە پرۆژە تەواوبوەکان دا

لە ماوەکانی رابردو چەند یەکەیەکی نیشتەجێبون لە گەرمیان دروست کران، ئەوانیش: هێلان ستی و کەلار نوێیە، وەک بەشداربوان خۆیان دەڵێن ئەو پرۆژانە پڕن لە کەموکورتی خزمەتگوزاری.

بەختیار محەمەد، دانیشتویەکی پرۆژەی کەلاری نوێ کە ئێستا ناوەکەی کراوە بە "تابلۆ سیتی"، باسی لەوەکرد گرفتی پرۆژەکە زۆر زۆرە هەر لەکوالێتی تاوەکو خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەکە.

وتی: پەنجەرە و بۆڕی و کاشی خانوەکان زۆر کوالێتیان نزمە، تەنانەت سەقفی خانوەکەی ئێمە لە سێ ژوریدا زستانان دڵۆپەدەکات و تکەی ئاوی دێت، ئەمە بەس ئێمەش نین بەشێکی بەچاوی دراوسێکانیشمان هەمان کێشەیان هەیە.

هێمای بەوەشکرد بەهۆی وەرنەگرتنەوەی پرۆژەکە لەلایەن ئاوی کەلارەوە، گرفتی ئاویان هەیە کە ماوەی پێدانی ئاو پێیان کەمە و ناچار زۆر جار ئاو دەکڕن بە تەنکەر، ئەمەو کاتی ئاو هاتنەوەکەشیان کاتژمێر دو بۆ سێی شەوە.

تەواو نەکردنی خزمەتگوزاریەکان گرفتێکی دیکە دانیشتوانی ئەم پرۆژەیەیە.

بەختیار محەمەد، باسی لە نەکردنەوەی قوتابخانەی پرۆژەکە کرد، هاوکات دایەنگەشی بۆ دروست نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شوێنانەی بۆ سەوزایی و باخچە دیاریکراوە بەچۆڵی جێهڵدراوە و لەهەندێک شوێن دانیشتوانی کەلاری نوێ خۆیان سەوزاییان دروستکردوە.

له بەرامبەردا، مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: "کەلاری نوێ دو وەبەرهێنی گۆڕیوە و هەر پرۆژەیەک وەرنەگرینەوە لەلایەن وەبەرهێنانەوە نابێت هاوڵاتی بچێتە ناوی و نیشتەجێ ببێت، بەڵام هاوڵاتیان بەبێ پرس ڕۆشتونەتە ناوی لەگەڵ ئەوەش تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە وەرنەگیراوەتەوە بەهۆی کەموکورتیەکانیەوە".

دەشڵێت: هەردو لا تاوانبارن، لەلایەک کۆمپانیا کەموکورتیەکانی چاک ناکاتەوە، لەلایەکیش هاوڵاتیان قیستەکانیان نادەن، بەم هۆیەشەوە چەندینجار هەڵا دروست بوە لەسەر ئەم بابەتە و کەیسی ئەم پرۆژەیە لە دادگایە و یەکلا نەبوەتەوە و لە چەند مانگی داهاتو دا ئەوە یەکلا دەبێتەوە.

### ٧. هەڕەشەی سزادان لە بەشداربوان دەکرێت لە ئەگەری دواکەوتنی قیستەکان

هەرچەندە بەشێکی زۆری پرۆژەکان لە کاتی خۆیدا تەواو ناکرێت و بەشێکی خزمەتگوزارییەکانی وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت، بەڵام کۆمپانیاکان هەڕەشە لە بەشدارانی پرۆژەکە دەکەن لە ئەگەری دواکەوتنی قیستەکان.

عەباس فەیسەڵ، بەشداربوی پرۆژەی نیشتەجێبونی لانە ستی، دەڵێت: "لە بەشی یەکەمی ئەو پرۆژەیە تائێستا بڕی ٢٤ هەزار دۆلارم رادەستی کۆمپانیا کردوە، ٥ هەزاری دیکەشم لێ وەرگیراوە، چونکە لەدەستی دو کڕیومە".

وتیشی: تائێستا شەش قیستم داوە، لەگەڵ ئەوەش بەشێک لە بەشداربوانیان ناچار کردوە کە ٣ هەزار دۆلاری تر بدەن کە چەند بلۆکێک لە یەکەکان تیروپشکیان بۆ کراوە.

هەروەها دەشڵێت: سەرباری وەرگرتنی ئەو برە پارەیە هەندێک لە یەکەکان بە کەموکورتیەوە رادەستی بەشداربوان کراوە، لە نمونەی نەبەستنی دەرگای ژورەکان، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو گرێبەستەیە کە لە نێوان کۆمپانیا و بەشداربواندایە.

له بەرامبەردا، بەڕێوبەری کۆمپانیی روناکی شار رەتیدەکاتەوە خانوی یەکەی نیشتەجێبونی لانە ستی پێش ئەوەی دەرگای بۆ دابنرێت درابێت بە سودمەندبوانی. وتیشی: تەنانەت یەکەمان تەواو بوە هێشتا تیروپشک بۆ سودمەندبوانی نەکراوە.

لە هەمان کاتدا، مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان بە وەکالەت، دەڵێت: "ئەو تیروپشکەی کە کرا بۆ رازیکردنی دڵی هاوڵاتیانە کە بزانن یەکەکەی کامەیە، ئەگەر نا بۆ ئەوە نیە کە بڵێت فەرمو ئەوە کلیلەکەیە و بڕۆرە ناوی".

بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی کە لە نێوان کۆمپانیا و بەشداربوانی پرۆژەی بەهەشتی کەلار دا هەیە، لە ٦٠% نرخەکەی لەماوەی تەواوبونی پرۆژەکەدا کەچوار ساڵە بدرێت بە بەکۆمپانیا، ئەمەش بەشێکی مامۆستایانی ناچار کردوە یەکەکانیان بفرۆشنەوە.

سیروان حەسەن، مامۆستا و بەشداربو لە پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبونی بەهەشتی کەلار، وتی: "بەهۆی چونە ژێرباری یەکێتی مامۆستایان بۆ کۆمپانیا و خراپی شێوازی گرێبەست و یاساکانی وەبەرهێنان، فشارێکی گەورەیان لەسەر مامۆستایان دروستکرد، بەجۆرێک هەندێک لەمامۆستایان نەیانتوانی بەشداربن و بەشێکی زۆریشیان بەناچاری یەکەکانیان فرۆشتوەتەوە".

دەشڵێت: لە٤٠%ی ئەو نرخەی دوای رادەستکردنی یەکەکان، بە مانگانەی ٢٢٥ دۆلار بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەقیستی درێژخایەن دەدرێتەوە

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەئێستاشدا بەهۆی نەدان و دواکەوتنی موچەوە فشارەکان زۆر زیاتربوە و کۆمپانیا هەڕەشەی سزادان و غەرامەی بەشداربوان دەکات لەئەگەری دواخستنی قیستەکان.

نرخی پرۆژەکە بەوتەی مامۆستایان لەگەڵ کوالێتی پرۆژەکە جیاوازە، بەم بارودۆخەش قیستەکان بۆ ئەوان زۆرە.

لە بەرامبەردا، ئازاد حەسەن، سەرۆکی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، وتی: لەبارەی قیستەکانەوە بەهۆی ئەم باردۆخەوە قسەمان لەگەڵ نوسینگەی کۆمپانیاکە کردوە و بۆ خانوە یەک نهۆمیەکان کردومانە بە ٢٥٠ دۆلار و بۆ دونهۆمەکان ٣٠٠ دۆلار.

**٠٨ زۆری نرخی قیستەکان**

هاوڵاتیەک باس لەوە دەکات بەهۆی زۆری قیستەکان و کەمی کاتی نێوان قیستەکان، ناچار بوە یەکەکەی بفرۆشێت.

بەرهەم بورهان، هاوڵاتی لە شاری کەلار و بەشداربو لە پرۆژەی بان ستی کە تایبەتە بە چینی کرێکاران و پیشەوەران، باس لەوە دەکات: "بەهۆی بەرزی نرخی قیستەکان ناچاربوم یەکەکەم بفرۆشمەوە و یەک قیستم رادەست کردوە، چونکە ٢ مانگ جارێک بە تەلەفۆن بێزاریان کردبوم کە ٥ هەزار دۆلار ببەمە کۆمپانیا، لە کاتێکدا ئەم یەکانە بەس بە ناو بۆ کرێکاران بو".

سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکاران پشتڕاستی گلەیی بەشداران دەکاتەوە و دەڵێت: بەشدارانیان بێزار کردوە.

عومەر محەمەد، وتی: "کۆمپانیاکان بەشداربوانیان بێزار کردوە لە رێگەی پەیوەندیەوە و ناچاریان دەکەن قیستەکانیان بۆ ببەن، بۆیە ئەمە گلەیی بەردەوامی بەشداربوانی پرۆژەی بان ستیە، بەو هۆیەشەوە بۆ ماوەی ٢ مانگ کارەکانمان هەڵپەسارد لەگەڵیان، ئەگەرچی ئەو گرفتە هەر بەردەوامە".

هێمای بۆ ئەوەش کرد: پێویستە تاوەکو تەوابونی پرۆژەکە ٦٠%ی قیستەکان رادەست کرابێت، ئەمەش دەکاتە ٨ قیست، ئەگەرچی لە ئێستادا لە هەوڵداین بیکەین بە ٩ قیست.

**٩. پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کاریان تێدا ناکرێت**

بەشدارانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون کە ئێستا لە سنوری گەرمیان دەستبەکاربون دەڵێن کە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە پشتگوێ دەخرێن و گرنگیان پێنادرێت.

سیروان حەسەن، مامۆستا و بەشدار بو لە پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبونی بەهەشتی کەلار، دەڵێت: "ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی کە پێویستە هەبن و لەگرێبەستەکدا، (دو قوتابخانە، دو باخچەی ساوایان، بنکەی تەندروستی، بنکەی پۆلیس، ئاگرکوژێنەوە، پرۆژەی ئاو و فلتەرکردنی ئاوی پیس، وێستگەی کارەبا، سەوزایی، پارک و پارکینگ)ن، بەڵام لەئێستادا جگەلە ئیشکردن لە یەک قوتابخانە ئیش لەهیچی تریان ناکرێت، بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکان هەر دەستیان لێ نەدراوە".

لە هەمان کاتدا، عەباس فەیسەڵ، بەشداربوی پرۆژەی نیشتەجێبونی لانە ستی دەڵێت: "خزمەتگوزاریەکانی ئەو پرۆژەیە بەشێکی وەک ئاوەڕۆی گشتی و کارەبا بۆ ناو یەکەکان و قیرتاوی بەشێک لە گەڕەکەکان کراوە، بەڵام کۆمپانیاکە قوتابخانە و دایەنگە و بنکەی تەندروستی دروست نەکردوە لە کاتێکدا ئەمانە بەشە لەبەرامبەردا بەڕێوبەری کۆمپانیای روناکی شار، دەڵێت: "پرۆژەی نیشتەجێبونی هێلان ستی سەر بە سندوقی نیشتەجێبون بو ئەگەر پرۆژەیەک بەمشێوەیە بێت لەسەر حکومەتە قوتابخانە و باخچە و مزگەوت و خزمەتگوزاریەکانی هاوشێوەی بۆ دابینبکات".

بۆ دابینکردنی ئاو و کارەباش جەختیکردەوە، لایەنی پەیوەندیدار دەبێت پێش تەواوبونی وادەی پرۆژەکە کارەکانی خۆیان تەواو بکەن، نەوەک پرۆژە تەواوبێت ئەوکات بێنە سەر خەت.

وەبەرهێنەران گلەیی ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی کارەبا دەکەن بەوەی درەنگ دەست بە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکەی دەکات.

لە بەرامبەریشدا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دڵنیایی ئەوەی دا گرفتەکە لەوان نیە، بەڵکو پەیوەندی نێوان وەبەرهێنی پرۆژەکە و بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیانە. وتی: دەبێت ئەوان تێچوی پرۆژەکە دابینبکەن، چونکە کارەبای گەرمیان تەنها ئەرکی گەیاندنی کارەبایە بە نزیک پرۆژەکە و ناوەوەی پرۆژە ئەرکی وەبەرهێن خۆیەتی.

سەرباری ئەمەش، وەبەرهێنانی گەرمیان گەشبینە کە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ یەکەکان تەواو دەکرێت.

مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: "هەر پرۆژەیەک کە لە گەرمیان هەیە و بە نوسراو سەرجەم کۆمپانیاکان ئاگادار کراونەتەوە کە هاوتەریب لەگەڵ یەکەکان پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ئەنجام بدەن، لە هیچ کۆمپانیایەک قبوڵ ناکەین کە خزمەتگوزارییەکان ئەنجام نەدرێت لە نێو پرۆژەکان، لیژنەی ئەندازیارییمان لەوێن و بەبەردەوامی راپۆرتمان پێدەدەن".

دەشڵێت: ئەگەر ئیجرائاتمان نەکردایە و دەسەڵاتمان بەسەر کۆمپانیاکان نەبێت، یەک بلۆک بەبێ پشکنین ناهێنرێتە ناو پرۆژەکان، لەگەڵ ئەوەش (خطاب ضمان) هەیە واتە هەر کۆمپانیایەک کە پرۆژەیەک وەردەگرێت مەبلەغێک پارە وەک گەرەنتی دادەنێت لە بانک کە هەر گرفتێک هەبێت لەو پارەیەی دادەشکێنرێت، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا شتی وانەبوە لە گەرمیان.

## دوەم: کێشەکانی حکومەت و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون دا

### ١. دروستکردنی گرفت لەلایەن فەرمانگە حکومیەکانەوە

بەڕێوبەری کۆمپانیایەکی جێبەجێکاری پرۆژەکانی نیشتەجێبون باس لەوە دەکات نەبونی ئەزمون لە لایەن فەرمانبەرانەوە بوەتە گرفت بۆیان.

ئەحمەد حەسەن، بەڕێوبەری کۆمپانیای روناکی شار کە جێبەجێکاری پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبونی هێلان ستی و لانە ستیە، جەختی لەم خاڵە کردەوە و وتی: دەکرێت کارمەندان و بەرپرسانی دەزگا جیاجیاکان خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، ناکرێت بەهۆی ناشارەزایی ئەوانەوە هاوڵاتی باجەکەی بدات کە زۆرجار نەزانی ئەوان وادەکات پڕۆژەکانی ئێمە گرفتی تێبکەوێت و دوابکەوێت یان رێگریەک دروست دەکەن کە تەواو نایاساییە.

کۆمپانیای روناکی دو پرۆژەی نیشتەجێبونی لەکەلار جێبەجێ کردوە، ئەوانیش: پڕۆژەی هێلان ستی کە ٩٢٧ یەکەی نیشتەجێبونی لە خۆگرتوە و کارەکانی تەواو بوە، لەگەڵ پرۆژەی لانە ستی کە ٣٣٠ یەکەی نیشتەجێبونی لە خۆگرتوە و بەشی زۆری کارەکانی تەواو بوە، بەڵام بەوتەی بەڕێوبەری کۆمپانیاکە بەهۆی ئەو باردۆخەی کە هاتۆتە پێش و ئەو گرفتانەی بۆی دروستکراوە، کارکردنیان راگرتوە تیایدا.

لەبەرامبەر تۆمەتبارکردنیان بە رێگری، شارەوانی کەلار دەڵێت: ئامانجیان پێشکەشکردنی باشترینە بۆ پڕۆژەکان.

ئەکرەم سالّح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: "ئەو کارانەی کە رایدەگرین مەبەست لێی ئاستەنگ دروستکردن نیە بۆ کۆمپانیا کە بەو شێوەیە تێگەشتون، مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە باشترین خزمەتگوزاری بکرێت لە پڕۆژەکان، بۆیە راگرتنی ئیشی وەبەرهێنان ئیشی ئێمە نیە، ئەو رۆتیناتانەی کە باسی لێوە ئەکەن چاککردنی هەڵەکانە بە لیژنە نەک رۆتینات، زۆرجار خۆیان درەنگ دێنەوە و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت من بۆیان ناکەم، چونکە ئەمە بەرژەوەندی گشتیە".

گلەیی وەبەرهێنەران لە راییکردنی کارەکانیان لە فەرمانگە جیاجیاکانی سنوری گەرمیان بەردەوامی هەیە و دەڵێن: کارەکانیان رۆتیناتی زۆری تێدا دەکرێت، حکومەتیش دەڵێت: دەتوانن سەردانمان بکەن.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەریی، ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر وەبەرهێنێک ئەم گرفتەی هەیە دەتوانێت بێت لە ئیدارەی گەرمیان سکاڵا بکات.

وتیشی: رەنگە وەبەرهێنەکە قسەکەی راست بێت، بەڵام کەنایەنە ئێرە ئێمە چۆن بزانین گرفتیان بۆ دروست بوە؟

دەبارەی ئەوەشی تاوەکو ئێستا لەم جۆرە سکاڵایە براوەتە ئیدارەی گەرمیان، جەختی کردوە هیچ سکاڵایەکی لەو شێوەیە نەهاتۆتە لای ئەوان.

لە بەرامبەردا، مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: "شتی وانیە لەوەی رۆتینات دروست بکرێت بۆ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بەتایبەت لەلایەن بەڕێوبەرایەتیمانەوە، بۆ نمونە پڕۆژەی لانە ستی بەپێی گرێبەستەکە سەرەتا خاوەنی کۆمپانیاکە واژۆی لەسەر کردوە کە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بکات، ئێستا باسی ئەوە دەکرێت کە سندوقی نیشتەجێبون شمولی دەکات کە حکومەت بیکات، بۆ ئێمە ئەوە گرنگە ئەو خزمەتگوزاریانە بکرێت، ئەتوانێت بە قیستی درێژخایەن بیکات".

**٢. کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان: گۆڕانکاری لە گرێبەستی پرۆژەکان دەکرێت**

گۆڕانکاری لە پرۆژەکان دوای گرێبەست یەکێکی دیکەیە لەو گرفتانەی روبەڕوی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان دەبێتەوە.

ئەحمەد حەسەن، نمونەی پرۆژەی لانە ستی هێنایەوە کە دوای پێدانی پرۆژەکە گۆڕانکاریان لە گرێبەستەکە دا کردوە لەنرخ و لە نەخشەکەشیدا، وەکخۆی دەڵێت: سەرەتا بڕیار بوە کارەباکەی ستون "عمود" بێت، کەچی پێیان گۆڕیون بە ئەندەر گراوند "دفن"، ئەمەش تێچوەکەی چەند هێندە کردوەتەوە.

بە پێی پلانێک بڕیارە سەرجەم ئەو پرۆژە نیشتەجێبوانەی نوێن و دروست دەکرێن لە گەرمیان، سیستەمی کارەباکەی ئەندەرگراوند بێت، واتە لە ژێر زەوی بێت، بەڵام پرۆژە هەیە نوێیە و ئێستا کاری تێدا دەکرێت و بە ستون دانراوە.

حازم کەریم، لەمبارەیەوە وتی: ئێمە پرۆژەی بەهەشتی کەلارمان هەیە کە نەخشەکەی ئەندەر گراوند بو واژۆیان هێناوە سەندیکای مامۆستایان کردویانە بە ستون، ئەمە زیانی زۆرە و ئەگەری چەندین روداوی نەخوازراوی لێدەکرێت کە ئەگەر ئەندەرگراوند بوایە ئەم زیانانەی نەدەبو، بەڵام سەرجەم پرۆژەکانی دیکە لە ژێر زەوی کارەبای بۆ راکێشراوە.

لە هەمان کاتدا بەشداربویەک باس لەوە دەکات کە گۆڕینی گرێبەستەکەیان پێ واژۆ کراوە بەبێ ئەوەی بیبینن.

عەباس فەیسەڵ، دەڵێت: کۆمپانیا لە ناوەڕاستی پرۆژەکەدا گرێبەستەکەی گۆڕی و ئیمزای بە بەشداربوان کرد، بەڵام تائێستا گرێبەستە تازەکە نەدراوە بەبەشداربوان، ئەو گۆڕانکارییەی کە کراوە گۆڕینی دراو بوە لە دۆلارەوە بۆ دینار، بە وتەی پارێزەران و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە.

وەبەرهێنانی گەرمیان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە گۆڕانکاری لە گرێبەستی یەکە نیشتەجێبوەکان دەکرێت بەتایبەت لە روی قیستەکانەوە.

مەحمود لەتیف، دەڵێت: "راستە گۆڕانکاری دەکرێت لە گرێبەستەکان بەتایبەت لە روی قیستەکانەوە کە دۆخەکە وا دەخوازێت چاوپۆشی بکرێت لە قیستەکان، لەگەڵ ئەوەش باشتر ئیشەکان بەڕێوە دەچێت".

باسی لەوەشکرد: رەنگە بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری پەیوەندیدار بە پرۆژەکان گۆڕانکاری لە گرێبەستەکان بکەن، بۆنمونە کارەبا، رەنگە نەیەوێت سیستەمی کارەبای پرۆژەکان بە ستون بێت.

**٣. داوای بەرتیل (پارە) لە وەبەرهێنەران دەکرێت**

بەپێی زانیارییەکان، بۆ وەرگرتن و دەستبەکاربون لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە گەرمیان، داوای پارە "بەرتیل" لە وەبەرهێنەران دەکرێت، وەبەرهێنەرانیش جەخت لە بیستنی بونی حاڵەتی لەمشێوەیە دەکەنەوە.

ئەحمەد حەسەن، بەڕێوبەری کۆمپانیای روناکی شار و (سەردار ئەحمەد) بەڕێوبەری کارگێڕی کۆمپانیای (خەیمە سلام)، دەڵێن: ئێمە بیستومانە پارە وەردەگیرێت یان هەندێکجار وەبەرهێن خۆی ئەمە دەکات بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ رایی بکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە روبەڕوی ئێمە نەبوەتەوە و بە یاسایی کارەکانمان رایی کردوە.

دەنگۆی وەرگرتنی پارە لە وەبەرهێنەران، لەلایەن بەرپرسانی گەرمیانەوە رەد دەکرێتەوە.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەری، وتی: ئێمە دڵنیایی دەدەین کە هیچ کەسێک بۆ ئەو مەبەستە سکاڵای نەهێناوەتە لای ئیدارەی گەرمیان، هەر وەبەرهێنێک بەڵگەی لایە دەتوانێت رایبگەیەنێت بۆ رایگشتی و لەبەردەم دادگا بەڵگەکانی ئاشکرا بکات.

لە هەمان کاتدا، مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: "بەهەمو شێوەیەک ئەوە رەت دەکەمەوە کە داوای بەرتیل لە کۆمپانیاکان بکرێت لە بەرامبەر راییکردنی مامەڵەکانیان لە نێو وەبەرهێنانی گەرمیان".

### ٤. بەشێک لە قازانجی پڕۆژەکان بۆ یەکێتی نیشتمانیە

بەپێی ئەو زانیاریانەی رادیۆی دەنگ بە پشت بەستن بە چەندی بەڵگەنامەیەکی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی دەستی کەوتوە، بەشێک لە قازانجی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبون دا، بۆ ئیدارەی گشتی ئەو حزبە دەچن.

ئەو بەڵگەنامانە کە رادیۆی دەنگ مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٩ بڵاویکردونەتەوە، لە بنەڕەت دا یاداشتێکی ناوخۆیی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتیە کە بۆ مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە ناردویانە، لە بەشێکی دا ئاماژە بەوەدەکەن کە پێنج کۆمپانیا لە بواری وەبەرهێنانی لە کەرتی نیشتەجێبون دا لە سنورەکە دەستبەکار بون و ٥٨%ی داهاتەکەیان دەدەنە ئیدارەی گشتی، لەکاتێکدا کۆمپانیا هەیە ئامادەیە ٥٠%ی داهاتەکەی بدات بەو حزبە ئەگەر رێگەی بدەن پڕۆژەی نیشتەجێبون ئەنجام بدات.

لەمیانەی بەدواداچونی ئەم راپۆرتەدا، کۆمپانیاکان هیچ ئاماژەیەکیان بەم خاڵە نەدا و بێئاگایی خۆیان لەبارەیەوە دەبڕی.

هاوکات بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، لەبارەی ئەم بابەتەوە دەڵێت: هیچ ئاگاداری ئەوە نیم کە لە ٨%ی داهاتی پڕۆژەکان بۆ ئیدارەی گشتی یەکێتی بچێت، تاوەکو ئێستاش ئەو لایەنە هیچ فشارێکی نەکردوە کە دوای بەش بکات و داواکاری هەبێت لە خودی خۆم".

### ٥. کێشەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بۆ بەڕێوبەرایەتیەکان

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان باس لەوەدەکات پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لەگەرمیان کارەکانی یەکنەخراوە، ئەمەش گرفتی بۆ ئەوان دروستکردوە.

حازم کەریم، وتیشی: لە گەرمیان ژمارەیەک پڕۆژە ئێستا لەبواری جێبەجێکردنن و چەند پڕۆژەیەکیش تەواوبون، بەڵام بەشی زۆریان بەبێ گەڕاندنەوەی رەزامەندی وەزارەتی کارەبا کە ئێمە نوسراومان ئاڕاستەکردون، ئەوان کێبڵیان بەستوە و کارەبای پڕۆژەکەیان تەواوکردوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەبێت ئێمە لیژنەمان بچێتە ئەوێ و نەخشەکە ببینێت و پشکنین بۆ کێبڵەکان بکات و داوای بڕی کارەبای پێویست لە وەزارەت بکات بۆ ئەو پڕۆژەیە لە داهاتو، بەڵام ئەمە لە گەرمیان زۆرخراپە و هەندێکجار وەبەرهێن هەر نوسراو ئاراستەی ئێمە ناکات.

لەبارەی ئەو گرفتانەشی بەو هۆیەوە دێتە پێش بۆیان، وتی: دوای ساڵێک یان زیاتر ئەو پڕۆژانە کارەباکەی دەدرێتەوە ئێمە، ئەوکات گرفتێکی هەبێت ئەندازیاری ئێمە نەخشەکەی نەبێت چۆن چاکی بکاتەوە یان کێبڵێکیان دانابێت لەگەڵ کارەبای ئێرە نەگونجێت کێ باجەکەی دەدات؟

بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار هاوشێوەی بەڕێوبەرایەتی کارەبا روبەڕوی گرفتی زۆری پەیوەست بە خزمەتگوزاریەکانی پڕۆژەکانی یەکەی نیشتەجێبون بوەتەوە لەسنوری کارەکانی دا.

سامان رەحیم، بەڕێوبەری ئاوی کەلار، هێمای بەوەکرد لەماوەی ساڵانی رابردو سێ پڕۆژە تەواوبون لە کەلار دوانیان گرفتی پڕۆژەی ئاوی هەبوە، ژمارەیەکی دیکەی پڕۆژەش ئێستا کاریان تێدا دەکرێت ئەگەر بەهەمان شێوەی رابردو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت دوبارە گرفتی ئاو دروست دەبێت لەو پڕۆژانەش.

یەکێک لە مەرجەکانی بەڕێوبەرایەتی ئاو بۆ واژۆکردنی نەخشەی پڕۆژەکانی یەکەی نیشتەجێبون، دیاریکردنی بڕی ئاوی پێویستە بۆ پڕۆژەکە لەلایەن وەبەرهێنەرەکەوە، لەگەڵ جۆر و کوالێتی دیاریکراوی بۆریەکانی راکێشانی ئاو و سیستەمی نوێیی دابینیکردنی ئاو بە شێوازی ٢٤ کاتژمێری.

ئەو دو پڕۆژەیەی گرفتی ئاویان هەبوە پرۆژەی (هێلان ستی و کەلاری نوێ)ن کە کەلاری نوێ نەخشەی پڕۆژەکە بۆ ئاوی ٢٤ کاتژمێری واژۆی لەسەر کراوە، کەچی بەو شێوازە دروست نەکراوە، ئەمەش وایکردوە تائێستا بەڕێوبەرایەتی ئاو ئەو بەشەی پڕۆژەکە بە فەرمی وەرنەگرێتەوە.
پڕۆژەی هێلان ستی دوای ١٠ ساڵ بەشی ئاوەکەی وەرگیراوەتەوە، بەوتەی بەڕێوبەری ئاوی کەلار، "لەبەر بەرژەوەندی هاوڵاتیان" وەریانگرتوەتەوە.

## ٦. نوێنەری بەڕێوبەرایەتیەکانی پەیوەندیدار لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون نیە

بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبون دەستەی وەبەرهێنان نوسینگەی ئەندازیاری رادەسپێرێت بۆ چاودێریکردنی پڕۆژەکە کە خودی وەبەرهێن پارەی ئەو ستافە دابین دەکات، ئەوەی جێگەی سەرنجە نوێنەری بەڕێوبەرایەتیەکانی کارەبا و ئاو، لەو نوسینگەیە نیە، هاوکات نوێنەری ئەم دو بەشە گرنگەی خزمەتگوزاری لە لیژنەکانی بەدواداچونی وەبەرهێنانیش نین بۆ پڕۆژەکان.
سامان رەحیم، ئەمە بە نەنگیەکی تەواو دەبینێت لە پڕۆژەکان و جەختی لەوەکردەوە بۆ ئەوەی گرفتی خزمەتگوزاری ئاو نەیەتە پێش بۆیان، دەبێت نوێنەری ئەوان لە نوسینگەی ئەندازیاری پڕۆژەکان دا هەبێت.
بە پێویستیشی دەزانێت سەرەتا نەخشەکە بێتە لای ئەوان و دەرخستەی بۆ بکەن و بە تەواوی شیکاریی بۆ بکەن، ئەوکات بڕیاری لێبدرێت.
پڕۆژەکانی نیشتەجێبون دەبێت لەسەر ئاستی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنان لیژنەی تایبەتی هەبێت و سەردانی پڕۆژەکە بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتیانەی هەیە راستەوخۆ چارەسەر بکرێن، نەوەک دوای تەواوبونی پڕۆژەکە کە چارەسەرکردنیان ئەستەم دەبێت.
بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: تائێستا لیژنەیەک لە ئاستی هەمو ئەو دەزگایانەی پەیوەندیدارن بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبونەوە پێکنەهێنراوە بۆ سەردانی کردن، زۆر گرنگە لیژنەیەکی وا دروست بکرێت و رێگا چارەیەکی باشە بۆ کەمکردنەوەی کەموکورتی پڕۆژەکان.
کێشەی گەورەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ئەوەن کە رەزامەندی و کارەکانی مەرکەزین و بۆنمونە دەزگا حکومیەکانی گەرمیان راستەوخۆ رۆڵیان لە پرۆسەی پێدانی رەزامەندی و چاودێرییان دا نیە و دەسەڵاتیان بەسەرەوە نیە، بەڵکو ئەم کارە پەیوەستە بە دەستەی وەبەرهێنانەوە
یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ کاروباری هونەری، دەڵێت: پرۆژەکانی وەبەرهێنان راستەوخۆ پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیانەوە هەیە، ئیدارەی گەرمیان تەنها تیمی هەیە هەندێکجار دەچنە سەر پرۆژەکان و ئەگەر کەموکورتی هەبێت بە راپۆرت ئاراستەی وەبەرهێنانی گەرمیانی دەکەن.
کەواتا رۆڵی ئیدارەی گەرمیان چیە لە ئاست ئەو پرۆژانەی دوای تەواوبونیان گرفتیان هەیە یاخود خزمەتگوزاریەکان وەکخۆی جێبەجێ ناکەن؟
یونس ئەحمەد، لە وەڵامدا نمونەی پرۆژەی (هێلان سیتی) هێنایەوە و وتی: ئەوکات راپۆرتێکی وردمان ئامادەکرد و ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانمان کرد، بەوهۆیەشەوە بڕیار درا وەک قەرەبوی هەڵە و کەموکورتیەکانی، ٦٠ یەکەی نیشتەجێبون بۆ کەسوکاری شەهیدان و کەمدەرامەتان دروستبکات.
وتیشی: ئەو یەکانە دەست بەدروستکردنی کراوە و بەشێکی زۆری کارەکانیشی تەواوکراوە.

لەبارەی پرۆژەی (کەلاری نوێ)وە کە دانیشتوانی ئەو پرۆژەیە گلەییەکی زۆریان لە پرۆژەکە هەیە، وتی: ئەو پرۆژەیە ئێستا کارکردنی تێدا راگیراوە، وەبەرهێنی پرۆژەکە و سودمەندبوانیشی بەهەمان شێوە پێشێلی گرێبەستەکەیان کردوە و بابەتەکەشیان دادگا یەکلای دەکاتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد کە پارەی "خطاب ضمان" کە لەوەبەرهێنی پرۆژەکە وەردەگیرێت تاوەکو وەرگرتنەوەی پرۆژەکە، لە گەرمیان پارێزراوە و ئەو پارەیە لە وەبەرهێنەرەکانی پرۆژەکانی گەرمیان وەرنەگیراونەتەوە هەتاوەکو پرۆژەکە بەتەواوی خزمەتگوزاریەکانەیەوە وەردەگیرێتەوە.

## ٧. رۆڵی شارەوانیەکان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون دا

شارەوانیەکان باس لەوەدەکەن ئەرکی ئەوان چاودێریکردنی خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکانە نەک چاودێریکردنی خودی پرۆژەکە.

ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: "ئێمە وەک چاودێری هیچ چاودێرییەکی ئەو پرۆژانە ناکەین، چونکە بەپێی یاسای وەبەرهێنان ناتوانین، ئەوەی دێتە لای ئێمە نەخشەی پرۆژەکەیە و هەرتێبینیەکمان هەبێت دەینوسین و بریاری لەسەر ئەدەین دواتر ئاراستەی وەبەرهێنان دەکرێت".

هێمای بۆ ئەوەشکرد: کاتێک پرۆژەکە تەواو دەبێت و رادەستی شارەوانی دەکرێت خزمەتگوزارییەکانی وەک: (شۆستە، شەقام، باخچە و ئاوەرۆ) بەپێی ئەو دیزاینە بێت کە دامان ناوە وەریدەگرین، ئەگەرنا وەری ناگرینەوە.

بە پێچەوانەوە، لە شارەوانی ناحیەی رزگاری، چاودێری پرۆژەکە دەکرێت لەلایەن شارەوانیەوە.

ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی رزگاری، وتی: "وەک شارەوانی ئەندازیارێکمان لەوێیە بۆ چاودێریکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە دەسەڵاتی ئێمە دایە".

## ٨. بە ٩ فەرمانبەرەوە چاودێریی پرۆژەکان دەکرێت

بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان کە مەرجەعی سەرەکی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی سنورەکەیە، توانا و ژمارەی فەرمانبەرەکانی سنوردارە.

مەحمود لەتیف، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، لەوبارەوە دەڵێت: "بە خۆمەوە ٩ فەرمانبەرین بۆ هەمو کارەکان، بۆ چاودێریکردنی پرۆژەکان نوسینگەی ئەندازیاریمان هەیە کە هەر بوارە و ئەندیازیارێکی هەیە و موچەکەشی لەلایەن کۆمپانیا نابێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێرکاریگەری وەبەرهێنەرەکان لە کەموکورتیەکان دا، بەڵکو موچەکەیان لە داهاتی پرۆژەکە دابین دەکرێت".

دەشڵێت: لە هەمان کاتدا ئەو نوسینگەیە تا پرۆژەکە تەواو ئەبێت وەک فەرمانبەری ئێمەی لێدێت و چاودێری دەکات و گۆڕانکاری لە ژمارەشیان دەبێت بەگوێرەی ئیشەکانیان.

لەبارەی دەسەڵاتەکانیشیانەوە، مەحمود لەتیف، دەڵێت: "هەمو دەسەڵاتیکمان هەیە بەسەر پرۆژەکانەوە، ئەوەی گرفتە تەنها هۆبەی یاسایمان نیە، هۆکارەکەشی نەبونی فەرمانبەرە لە هۆبەکە و ناچارین بۆ کاروبارە یاساییەکان بگەڕێینەوە سلێمانی، ئەمەش رۆتیناتی بۆ دروست کردوین لە کارەکان، چەندین جاریش داوامان کردوە کە بۆمان چارە بکەن تائێستا هیچ نەکراوە".

**٠٩. كڕین و فرۆشتن کردن بە یەکەکانی نیشتەجێبونەوە**

سەربارى ئەوەى بڕیار بو کڕین و فرۆشتنى یەکەکان قەدەغە بکرێت، بەڵام خاوەنى نوسینگەکانى کڕین و فرۆشتنى خانوبەرە لە کەلار ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە بە ڕێژەیەکى زۆر کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرێت.

محەمەد سالّح، خاوەنى نوسینگەى خانو و زەویە لە شارى کەلار، دەڵێت: "کڕین و فرۆشتن بە یەکەکانى نیشتەجێبونەوە لەلایەن بەشداربوانەوە ڕێژەیەکى بەرزى تۆمار کردوە کە دەکاتە سێ لەسەر چوار".

دەشڵێت: بە بەردەوامى گوێبیستى ئەوە دەبین لە فرۆشیارانى یەکەکانەوە بەوەى ناتوانن قیستەکان بدەن و یەکەکانیان دەفرۆشن.

سەرخێڵ حەمید، خاوەنى نوسینگەیەکى دیکەیە لە شارى کەلار، باس لەوە دەکات: "کڕین و فرۆشتن بە هەمو یەکەکانى نیشتەجێبونەوە دەکرێت لە کەلار، ئەو کەسانەى کە کڕین و فرۆشتن دەکەن خودى خۆیان ڕێکدەکەون سەبارەت بەو گرێبەستەى کە هەیە بۆ پرۆژەکان، ئەگەرنا ئێمە بەرپرس نین لە بونى هەر گرفتێک کە روبدات".

بەشێک لەوانەى یەکەکانیان دەفرۆشن، بۆ زۆرى نرخ و قیستەکانى دەگەڕێننەوە، ئەگەرچى بە پێى یاسایى وەبەرهێنان تاوەکو تەواوبونى یەکەکانى نیشتەجێبون، نابێت کڕین و فرۆشتنى پێوەبکرێت، بەڵام لە پرۆژەکانى گەرمیان کڕین و فرۆشتن بە ئاسانى دەکرێت.

ئەحمەد حەسەن، بەڕێوبەرى کۆمپانیاى روناکى ئاماژەى بەوەکرد، بەرێژەى نیوە کڕین و فرۆشتن کراوە بەیەکانیانەوە، بەڵام لەبەر باردۆخ و بەرژەوەندى لایەنى یەکەم گرێبەستەکەیان گۆڕیوەتەوە.

وتیشى: ئەمە بەتەواوى نایاساییە، چونکە ناکرێت کە سودمەند بیت لە پرۆژەیەکى لەم شێوەیە بازرگانى پێوە بکەیت.

لەبارەى کڕین و فرۆشتن بە یەکەکانى نیشتەجێبونى پرۆژەى بەهەشتى کەلارەوە، بەڕێوبەرى پرۆژەکە هێماى بەوەکرد ئەوە ئەرکى یەکێتى مامۆستایانە چاودێرى ئەو پرسە بکات.

سەردار ئەحمەد، وتى: "بەپێى ئەو گرێبەستەى کراوە بۆ پرۆژەکەک سودمەندبو ناتوانێت تاوەکو ١٠ ساڵ کڕین و فرۆشتنى پێوە بکەن".

هاوکات بەرپرسى لقى گەرمیانى سەندیکاى کرێکاران، لەبارەى کڕین و فرۆشتن بە یەکەکانى پرۆژەى بان سیتى کە تایبەتە بە کرێکاران و پیشەوەران، وتى: ئەو کرێکارەى کە دەیفرۆشێتەوە پێویستە وەکالەیەکى هەبێت لە نێوان خۆى و کڕیار بۆ دانى قیستەکان لە کاتى خۆى.

لە بەرامبەردا، مەحمود لەتیف، بەڕێوبەرى وەبەرهێناى گەرمیان دەڵێت: یاساى وەبەرهێنان دەڵێت هیچ پرۆژەیەک ناتوانى کڕین و فرۆشتنى پێوەبکرێت هەتاوەکو تەواو نەبێت و وەرنەگیرێتەوە و تاپۆ ناکرێت، سزاکەشمان ئەوەیە تاپۆ ناکرێت.

لەبارەى ڕێگریەکانیشیانەوە لەو کارە، وتى: "ئێمە بەڕێوبەرایەتیەکى مەدەنین و ناتوانین کە نوسینگەیەک کڕین و فرۆشتنى بە یەکەکانەوە کرد دایبخەین".

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە سنوری گەرمیان، ئەگەر نەڵێین شکستخواردو، ئەوا تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتو نەبون لەوەی بەشێوەیەکی تەواو و بەبێ گرفتی زەق و گەورە بونیاد بنرێن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە پرۆژە تەواو بوەکان یان وەرنەگیراونەتەوە، یان دوای ماوەیەکی زۆر وەرگیراونەتەوە.

٢. کۆمپانیاکانی ئەنجامدەری پرۆژەکان، بەشی پێویست پابەند نین بە پرۆژەکانەوە، چ لە روی بونیاد و کەرەستە و خزمەتگوزاریەوە، چ لە روی تەواوکردنی لەکاتی خۆی و پابەندبون بە کاتەوە، هۆکارەکەی هەرچیەک بێت، بەڵام سەرەنجام وەک ئەوەی بڕیاری لێدراوە، کارەکەیان تەواو نەکردوە.

٣. هاوڵاتیان تێبینی و رەخنە و گلەیی زۆریان لە پرۆژەکان هەیە، هەر لە روی نرخەوە، هەتا کوالێتی و خزمەتگوزاریەکانی، ئەمەش وایکردوە بەشێکیان ناچار بن دەستبەرداری بن چ بە وازلێهێنانی یان فرۆشتنی.

٤. گرژیەکی زۆر هەستپێدەکرێت لەنێوان کۆمپانیاکانی جێبەجێکاری ئەو پرۆژانە و هاوڵاتیان لەلایەک و هەروەها کۆمپانیاکان و حکومەت لەلایەکی دیکەوە، بەشێوەیەک وەکو نەیار تەماشای یەکدی دەکەن، لەکاتێکدا دەبێت بەپێچەوانەوە بێت.

٥. کۆمپانیاکان باس لەوەدەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە رێگری و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان تەواو نەبێت و وەکخۆی نەچێتە پێشەوە.

٦. حکومەت (جگە لە دەستەی وەبەرهێنان)، رۆڵێکی ئەوتۆی نیە لە بڕیاردان و چاودێریی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم پرۆژانە، بەشێوەیەک رۆڵی تەماشاکەر دەگێڕێت و هیچ دەستپێشخەریی و پلانێکی نیە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، تا ئەو ئاستەی نە کۆمپانیاکان و نە هاوڵاتیانیش دەستپێشخەریەکانیان بە هەند وەرناگرن.

٧. پرۆژەکانی نیشتەجێبون، لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە بڕیاری لێدەدرێت نەک حکومەت، بەو مانایەی وەبەرهێنەر دەستپێشخەریی دەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و خۆیشی لە هەولێرەوە و لە رێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە رەزامەندی پرۆژە دێنێتەوە، نەک ئەوەی ئیدارەی سنورەکە رایبگەیەنێت پێویستی بە چەند پرۆژە هەیە و بانگهێشتی کۆمپانیاکان بکات بۆ کەمگیریی و ئەنجامدانی پرۆژەکان بەپێی روئیای ئیدارەی سنورەکە، کە لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە ئەسڵەن هەستمان بەوەنەکرد روئیایان هەبێت لەم روەوە.

٨. هەست دەکرێت دەستەی وەبەرهێنان لە دۆڵێکە و هەمو حکومەتیش لە دۆڵێکی تر، دەستەکە دەسەڵاتێکی رەهای هەیە، لەکاتێکدا حکومەت تەقریبەن هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی نیە لەو پرۆژانەدا، بەو بەڵگەیەی نەیتوانیوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەکان بەتایبەت ئەوانەی تەواو بون، هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ بنێت.

٩. بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان، لە روی ستاف و شارەزایی و تواناوە، دەرەقەتی ئیدارەدانی تەواوەتی پرۆژەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نایەت، بەوهۆیەشی کە خۆی دەسەڵاتی تەواوەتی نیە و بەشێکە سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، بۆیە بۆ هەمو بابەتێک دەبێت بگەڕێتەوە سلێمانی، ئەمەش رۆتین زیاد دەکات و کاتی زۆرتر دەکوژێت.

١٠. پرۆژەکان گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، چ لە لایەن حکومەتەوە کە کۆمپانیای وەبەرهێنان ناچار دەکرێت بەو گۆڕانکارییانە، چ لەلایەن کۆمپانیاکە خۆیەوە گۆڕانکاری دەکرێت، ئەمەش وادەکات کە کێشە دروست ببێت و پرۆژەکەش کاتی تەواوبونی دوا بکەوێت.

١١. بەشێک لە وەبەرهێنەران روبەڕوی هەوڵی ئیبتزاز و هەوڵدان بۆ بەرتیل لێوەرگرتن دەبنەوە، ئەگەرچی ئەو دو کۆمپانیایەی کە قسەمان لەگەڵ کردن رەدیان کردەوە، بەڵام زانیاری دیکە هەن لەوبارەوە. هاوکات بەشێک لە قازانجی ئەو پرۆژانە بۆ ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەچێت کە بەوتەی مەڵبەندی گەرمیانی ئەو حزبە، رێژەکە بریتیە لە ٨%ی قازانجی پرۆژەکان.

## دوەم: راسپاردەکان

١. پرۆژەکانی نیشتەجێبون پێویستی بە پێداچونەوەیەکی بنەڕەتی هەیە، چ لە روی بونیادی پرۆژەکان، چ لە روی میکانیزم و کارەکانەوە. بەشێوەیەک پێویستە یاسای تایبەت بەم بوارە دەربکرێت کە لە پرۆژە وەبەرهێنانەکان بە گشتی جیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پرۆژەکە زیاتر لەوەی پرۆژەیەکی بازرگانی بێت، خزمەتگوزاریی بێت بۆ هاوڵاتیان.

لێرەوەش داوا ئاراستەی پارلەمانتاران دەکەین بۆ پێداچونەوە بە یاسای ژمارە (٤)ی وەبەرهێنانی ساڵی (٢٠٠٦) و هەموارکردنەوەی و دەرچواندنی یاسای تایبەتمەند بە وەبەرهێنان لە بواری پرۆژەکانی نیشتەجێبون.

٢. دەستەی وەبەرهێنان دەسەڵاتی رەهای لە بڕیاردان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوندا هەیە، لەکاتێکدا ئەم کەرتە پێویستە بە لامەرکەزیی ئیدارە بدرێت نەک دەستەیەک بەو رەهایی و مەرکەزیەتە بڕیاری تێدا بدات بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی ناوچەکان و هەروەها رای حکومەتی خۆجێی ئەو سنورانە بەهەند وەربگیرێن.

٣. پێویستە ئەو ئالیەتەی کە گیراوەتەبەر لە پێدانی رەزامەندی و جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتەجێبون لەگەرمیان، رابگیرێت و میکانیزمی دیکە دابنرێت.

ئەم رێکارانەی ئێستا هەیە، هیچ ستراتیژیەتێکی دور و نزیکی تێدا رەچاو نەکراوە، بەڵکو رێکار گەلێکن کە تەواو بازرگانین و بە پلەی یەکەم خزمەت بە وەبەرهێنەران دەکات لەسەر حسابی بەژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی هاوڵاتیانیش.

بۆیە پێشنیاز دەکەین کە رێکارێکی نوێ بگیرێتەبەر، بەشێوەیەک حکومەتی خۆجێی گەرمیان، پاش کۆنفرانس و کۆبونەوە، پلانی ساڵانە یان چەند ساڵە بۆ ئەم بوارە دابنات و لەسەر بنەمای ئەو پلانە، بانگهێشتی کۆمپانیاکان بکات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی نیشتەجێبون لە سنورەکە بەو نرخ و کوالێتی و تایبەتمەندیەی کە دەویسترێت و لە بەرژەوەندی گشتی و هاوڵاتیان دایە.

٤. پێویستە دەزگاکانی حکومەت رۆڵیان زیاتر بێت لە بواری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و هەمو دەسەڵاتێک بە رەهایی لا دەستەی وەبەرهێنان نەمێنێتەوە، کە وەک دیارە کارەکانی ئەوان وایان نەکردوە کێشەکان کەمتر ببنەوە یان چارەسەر بکرێن.

٥. پێویستە لیژنەی چاودێریی تایبەت لەسەر ئاستی قەزا و ئیدارەی گەرمیان بۆ چاودێریی پرۆژەکان پێکبهێنرێن و هەتا ژمارەی لیژنەکان زیاتر بن باشترە، بە ئامانجی پابەندکردنی کۆمپانیای جێبەجێکار بە گرێبەست و خاڵەکانەوە کە واژوی کردوە.

٦. گرنگە چ پێش پرۆژەکان و چ لەکاتی جێبەجێکردنیشی دا، رای دەزگا خزمەتگوزارییەکان وەربگیرێت و بکرێت بە بنەڕەت لە بڕیارەکان، وەکو دەزگاکانی: شارەوانی، ئاو و کارەبا، چونکە دوای تەواوبونی پرۆژەکان، ئیدارەدانی ئەم خزمەتگوزاریانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەزگا حکومیانە، بۆیە را و قسە و بەشداریی ئەوان، گرنگ و پێویستە.

٧. پێویستە ئاسانکاریی تەواو بۆ وەبەرهێنەران بکرێت، فەرمانگە و دەزگاکان هەوڵنەدەن ئاستەنگ و رۆتین بۆ کارەکانیان دروست بکەن، بەپێچەوانەوە هەر تێبینی و رەخنە و کێشەیەکیان لەگەڵ کۆمپانیاکەدا هەیە، بە رێگەی ئسوڵی چارەسەری بکەن، نەک بە رۆتین و کێشە بۆ دروستکردنیان.

٨. پێویستە پێداچونەوەیەک بکرێت بەو پەیوەندیەی هەیە لەنێوان هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان لەلایەک و کۆمپانیاکان و حکومەتیش لەلایەکی ترەوە، بەشێوەیەک: دەستەیەک لە نوێنەرانی بەشدارانی پرۆژەکان لەلایەن بەشدارانی پرۆژەکانەوە هەڵبژێرێن و نوێنەرایەتیان بکەن بۆ بونی تێبینی و بەدواداچون لەبارەی پرۆژەکە و خزمەتگوزاریەکانیەوە و بەشێوەیەکی خولی "دوری" کۆبونەوە بکەن لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە.

هەروەک لەلایەکی دیکەوە، لیژنە یان دەستەیەک پێکبهێنرێت لەنێوان کۆمپانیاکان و دەزگا حکومیەکان و بەشێوەیەکی خولیی کۆبونەوە بکەن بۆ باسکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

٩. پێویستە رێگە بە بونی هیچ حاڵەتێکی بەرتیل و پارەوەرگرتن بە زۆر و بەشدارییکردنی حزب و بەرپرسانی لە قازانجی پرۆژەکان نەدرێت، بۆ ئەمەش داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەدواداچون بکەن و رێگری لەم حاڵەتە بکەن کە وەک باس دەکرێت بونی هەیە.

١٠. پێویستە لیژنەی تایبەتمەند دروستبکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە پرۆژە تەواوکراوەکاندا هەن و هاوڵاتیان چونەتە ناو یەکەکان، وەک پرۆژەی (هێلان سیتی) و (کەلاری نوێ)، بەمەبەستی تەواوکردنی کەموکورتیەکانی و هەروەها کۆتاییهێنان بە گرفتە یاساییەکان و دواتریش وەرگرتنەوەی لەلایەن حکومەتەوە بە رەچاوکردنی جێبەجێکردنی مەرجەکان.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### ١. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

*** ئامانجی یەکە**

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

*** کارەکانی یەکە**

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

*** بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە**

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٢. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## ٣. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodang.org